Kurdistan National Assembly
Kurdistan Region - Iraq
Human Rights Committee



ئه نجومەنی نیشتمانی كوردستان
هەرێمی كوردستان/ عێراق
لیژنەی مافی مرۆڤــــ

No.
Date :

ژماره :
بەروار :

بەناوی خوای بەخشندەو مهرەبان

## بەر ێز / لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی سوید

بابەت / داواو پشتگیری
ئێمە پێمان وایە وولاّتی سوید یەكێكە لەو وولاّتانەی كە بەجددی لەهەولّی داكۆكی دایە لەمەڕ ماف و ئازادیەكانی مرۆڤ وەكو تاك و گەل ونەتەوەیش، جگەلەوەی كەوولاّتەكەتان رۆڵی لەبەرچاوی هەیە لەیەكێتی ئەوروپادان. كە ئەوە نمونەیەكی مەزنی یەكگرتنەوەیە لە جیهانی ئەمرۆدا.
ئێمە گەلی كوردستان لەدوو روانگە وە دەور و رۆڵی گرنگی وولاّتەكەیئێوە هەلّدەسەنگێنین، لەرِوییەكەوە یەكیك بوون لەوولاّتانەی كەپشتگیریتان كرد لەگەلی كوردو لەگەلانیتری عیراق لەرووخاندنی ئەورژێمە دیكتاتۆره كە خوێنی گەلانی عیراقی مژی بوو.
دووهەم رۆڵی كاریگەروو بەرچاو تان لەكردنەوەیی باوەشی مهرەبانیتان بۆئەو هەزاران پەنابەرەكوردانە لە هەرچوارپارچەی كوردستانەوە روویان لەوولاّتەكەتان كردو، زۆربەیان لەلای ئێوە حەوانە و جێگیربوون، بەلاّم ئێستا ژمارەیەكی زۆریان ماون كەلەسالّی 2001 وە هەتا ئێستامافی پەنابەریان پێنەدراوە، وئیستا دەنگۆی ئەوە هەیە كە گوایە پەرلەمانەكەتان سەرقالی دەركردنی بریاری ناردنەوەی ئەو پەنابەرانەیە كە تا ئیستا مافی پەنابەریان پێ نەدراوە. هەربۆیە ئەو پەنابەرانە رۆژی2005/9/10خۆپیشاندانیكی نارەزاییان لەدژی ئەو بریارە سازكردو، داوای راگرتنی ئەو بریارەیان داوەو، بە نوسراویكیش داوایان لە ئیمە كردوە كە پشتگیری لەو داواكاریەیان بكەین وداوا لەئیوە بكەین بۆ راگرتنی ئەو ئیجرائاتە.
راستە ئێستا بارودۆخی عیراق و كوردستان گۆراوە. بەلاّم ئەوە مافێكی ئینسانیە و كۆمەلّێ ئیمتیازاتی پێوە بەستراوە، كە مێژووی هاتنی ئەوان زۆر لەپێش ئەم گۆرانكاریەی ناوعیراق دا بوە. جگە لەوەی ئێستا لە رەشنووسی دەستوری عێراقی فیدرالّیدا هاتووە كە هەموو هاوولاّتیەكی عێراقی دەتوانێت هەلّگری دوو رەگەزنامەی جیاواز بێت، كە پێشتر ئەوە قەدەغەبوو، هەروەها لەو رەشنوسەدا هاتووە هەركەسێكی نێر یا مێی بیانی دەتوانێت لە دوای (5) سالّ مانەوەی لەعێراقدا داوای رەگەزنامەی عێراقی بكات. دیارە وولاتەكەی ئیوە پیشتر لە ئیمە رێبازی دیموكراسیتان لەبەرگرتوەو گرنگی زیاترتان بەو مەسەلە داوە.
لەبەرئەوە داوا لە بەرێزتان دەكەین كە بەتەواوی تواناتان بەرگری بكەن لەو جۆرە بریارانەی لەمەڕ ناردنەوەی ئەو ژمارە زۆره لە پەنابەرانی كورد بدرێت لە پەرلەمانەكەتاندا، وە ئێمە لەلای خۆمانەوە هەرگیز باوەڕ ناكەین كە پەرلەمانی مرۆڤ دۆست و ئازادیخوازی وولاّتی سوید هەنگاوی لەو جۆره بنێت. هەروەها داواتان لێدەكەین

بەجددی و بەگیانێکی مرۆڤ دۆستانەوە بروانن ە داواکاری ئەو پەنابەرە کوردانەی کە داوای مافی پەنابەری دەکەن لە وولاتەکەتان دا. چونکە ئەو پەنابەرانە زۆرترین ژمارەیان خەڵکی ناوچە لێقەوماوەکانی کوردستانن وەکو هەڵەبجەی شەهید و گەرمیان و بادینان. کە چەندجار کەوتونەتە بەر هێرشی چەکی کیمیاوی و دەرکردن وئەنفال کراون.
ئێمە لە لیژنەیی مافی مرۆڤی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق وێرایی رێزو پێزانینمان چاوەروانی پشتگیرتانین لە وەڵامدانەوەی داواکاری ئەو پەنابەرانە دەکەین. بە پیچەوانەوە چاوەروانی پشتگیریو هاوکاریتان دەکەین بۆ یارمەتی پەنابەرانی ستەمدەیدەی کورد لە ئەوروپادا.
هەربژین وسەربەرزبن

محمد فرج احمد
سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ
لەپەرلەمان کوردستانی عێراق